# كوردستان هەرگیز نابێتە ڤێتنام و سەرکردەکانیش..!!

ئاسۆعەبدوللەتیف

"پەکەکە حزبێکی تیرۆریستن و پێویستە لە خاکی هەرێمدا بەرخودان نەکەن" کەچی کاتێ باس و خواس دێتە سەر رزگاری نیشتیمانی و کوردستانی گەورەو خەونی سنورو ئالا، وەك گیڤاراو شۆرشگێرانی کوباو ڤێتنام لە میدیاکاندا خۆمان دەردەخەین و دواتریش لە ناو عیراقیبووندا گشت ئەو کۆنسێپتانە ئەبنە هەڵم و وەهم، تورك ئەم ماوەیە بەراستی گاڵەی بە سەرکردایەتی سیاسی هەرێمکردو من بەش بەحاڵی خۆم خەریك بوو بەزەیم بە هەرێمدا بێتەوە، نەك لەبەر ئەوەی کە شایستەی ئەوەیە زللەیەکی بەرکەوێت بۆ بە ئاگا هاتنەوە و لەخەوی غروور هەڵی بستێنن، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە ئەم ماوەی گاڵەیە زانیم چەندە بێکەسە و جگە لەو شۆرشگێرانەی شاخیش کەس دۆستی کورد نییە چونکە ئەم سەرکردایەتیە هەژارەی کورد خۆشی نەیئەزانی چی بکات و چۆن خۆی لەو گێژاوی بێگوتاریە رزگار بکات و وای ئەزانی هەر بەراست تورکیا مەبەستی لەناوبردنی پەکەکەیەو بەس، بێئاگا لەو جەنگ و ململانێ رەش و تەماویانەی پشت کەوالیس کە بەشەری موخابەراتی ناو دەبرێ بۆ لەگۆرنانی خەونی سنوری نیشتیمانی و ساغکردنەوەی پرسی کەرکوك، بەرێخستنی وەفدێکیش لە ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانەوە، واتە لە سەری رەشەوە بۆ کۆشکەکانی جانقایاو ئەتاکوڵای ئەنکەرە، چ لە پرسەکە ناگۆرێ، تەنها لاوازی ئەو گوتارەی کورد نەبێ بەرانبەر نەك تورکیا بەڵکو ئەمریکاش کە کورد تا ئێستا بەدۆستی خۆی ئەزانێ، کە رەنگە هەڵکشانەکانی ئەم دواییە راستەوخۆ ئەمریکا ئاگاداری ووردو درشتەکانی بێت، لەکاتێکدا هەموو ئەزانین تورکیا دوای ئیسرائیل بە هاوپەیمانێکی پتەوی دەرەجە یەکی ئەمریکا دادەنرێت و رێککەوتنی جیۆستراتیجی و جەنگی و سیاسی و ئابوریش هەیە لە نێوانیاندا و **جەنراڵەکان بەس قاچەکانیان لە ناو ئەنکەرەیە ئەگینا مێشك و کەللە رەقیەکەیان لەناو ئەمریکاو کۆشکی سپییە و هەر ئەوانیش ئەیانجوڵێنن و ئەمەش بۆچوونە..!**

ئەجندای شاندی کوردی ئێستا ئەوەیە پەکەکە لە ناو خاکی کوردستان نین و دەرمانکردوون و نیازی شەرمان نییەو ئێمە ئاشتی خوازین، یان درروشمی سیاسی پەکەکە تیرۆریستن، ئەمانە هێندەی دیکە شپرزەیی و هەژاری گوتارمان دەردەخات، ئەم نەغمەیە بارگاوییە بە رۆحێکی "میت" اوی، رۆحێك بەرەنجامی لەشکرکێشیەکانی تورك هاتە ئاراو وای لێکردین لە هەڵوێستی رەسمیدا شانازی بە شەهیدکردنی 3000 پێشمەرگەوە بکەین بەدەستی پەکەکە، واتە شەهیدانی رێگای سەرفرازی تورك وکورد؟!! کە دەبوو لە هەرکات زیاتر بمانگوتایە پەکەکە شۆرشگێرن، ئەمە دەلیلی ئەو خیتابە مشەوەشەی یەکێتی و پارتیە کە دواجار رێگەش نادات گەریلا تەنانەت چالاکی مەدەنی خۆی هەبێ لەم هەرێمەدا و کاری میدیاییش بکەن چونکە تیرۆریستن، بەڵام میت و ئیتلاعات و موسادو سیا گڤەیان دێ بەلای گوێماندا ئاساییەو یاری موخابەراتەو هەرێمەکەمان زیندووە، دەسەڵاتی ئەم پارچەیە بەردەوام لە پارادۆکس (مفارقە) ێکی سەیرو سەمەرەی دژبەیەکدا ئەژین، بارزانی و تالەبانی لە پرێس کۆنفرانسەکاندا پشیلەیەك تەسلیم بە تورك ناکەنەوە" ئافەرین" "براڤۆ" بەڵام لەولاوە بە نهێنی دەیان کولانەی پشیلە تەخت و تاراج ئەکەن، بارەگایەکی گەورەی حیزبێك ئەکەن

به قوربانی بۆ تورك و نیازپاكی خۆیان و دەشیانەوێت لە ناو گوتاری میدیای حیزبیدا ببنە سەرۆكی نەتەوەیی و بڵێن ئەوەكاری ئێمە نییەو حكومەتی بەغدا كردی و دای خست، سەیرە ئەی ئێوە كارتان چییە، ئەمریكیەكان ئاغای فەرهادی لە باوەشتانا ئەگریٚ و عەرەبیش ئەو بارەگایانەتان پێدائەخات لە هەناوتاناو ئیدی پشیلەكەشتان پیٚ نەگیریٚ، ئەی حكومەتی بەغدا بۆ نایەت پارێزگاری لە سنوری خۆی بكات دژی ئەو هەموو ناماقوڵیانەی تورك مەگەر ئێوە عیراقی نین و ئێمەش بەشێك نین لەو عیراقە پەرۆینە؟

ئیتر ئەم یەكێتی و پارتییە ئاوان و ئاواش كار ئەكەن و جارجاریش باس لە موقاوەمەی ڤێتنام و ئەفغان دژ بە سۆڤیەت و شۆرشی كوبا ئەكریٚ، كاتێكیش باس لە عیراقیبوون ئەكریٚ كوردانی چوارپارچەكەش بۆیان نییە لەخاكی هەرێمدا چالاكی بنوێنن و ئەبیٚ چاوەڕێی چارەنوسی رەشی كوردی بن، ئەپرسین ئاخۆ تەسلیمكردنەوەی پشیلەیەك گرنگە **(ووتەی مام جەلال كە گوتی پشیلەیەكیش تەسلیم بە توركیا ناكەین)** یان داخستنی بارەگای حیزبێكی سیاسی و دەمكوتكردنی دەیان كادری شۆرشگێڕ؟! بە خاتری تورك بارەگای چارەسەری داخرا ئەی ئەبێت لە ژێرەوەو بە نهێنی چی ئەنجامدرابیٚ و چەن كولانەو ماڵی پشیلە تێك و پێكدرابیٚ؟

كوا ئازادی سیاسی؟ چ لۆژیك و چ ترسنۆكیەكە تا ئێستاش مۆڵەتی كاری سیاسی نادەین بە پارتی چارەسەر؟ چ سەرگەردانی و چ فاشیەتێكە بیٚ مۆڵەتی وەزارەتی ناوخۆ خۆپیشاندان نەكریٚ، هێشتا ئەم ناوچەیەمان بە حساب ئازادە و حكومەتی كوردی لێیە كەچی رێگە بە هاتنە خوارەوەی گەریلایەكی پەكەكە لە قەندیل نادەین جگەرەیەك بكریٚ، خەڵك باوەڕ بە كام لێدوانی شیرین و تاڵی ئەم دووانە بكات، ئێمە ئەبیٚ یان عیراقی بین یان كوردستانی، گەر عیراقین پێویستە سوپای عیراق تێوەگلێنین لەم لەشكركێشیەداو ئەوەندەش خۆمان بە دروشمە زەقەكانەوە خەریك نەكەین دژی تورك و وابزانین وولاتەكەمان ڤێتنامی دووەمە " ڤێتنام پیاوی بریاردەرو نەترسی خۆی دەویٚ لەگەڵ گوتاری نەگۆڕ" بۆیە كوردستان خاڵییە لە رۆحی بەرەنگاری ڤێتنامی و سەركردەكانیشی دوورن لە هەر ئاكارێك كە بتوانن شیعارێكی نەتەوەیی بۆ تا ئەبەد بەرز راگرن، چونكە هەمیشە شیعارەكان زوو بەرزكراونەتەوەو كەف و كوڵ بوون و زووش داخ و گەرمیەكەیان نەماوەو نەوی كراونەتەوە بۆ بنی پێی تورك و عەرەبە شۆڤێنیەكان و ئیدی ڤێتنامی چی؟! گرنگە هاوزمانەكانی خۆمان سوك نەكەین و نەیانكەینە نێچیری چەند بیرە نەوتێكی تازەو هەندیٚ گرێبەستی ئابوری، ئێمە گەر سەركزو دڵ لە بەغداو جڵەو لە رۆژ ئاوا بین رەنگە ببینە ئوردن نەك دوبەی!! بەڵام مەگەر بەخەو ببینە ڤێتنام.